# کاریگەری بوارە ئاسایشییەکان لە دیاریکردنی ئایندەی هەرێمی کوردستان

**د. شوکر ئەبوبەکرعزیز**
**بەشی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.**
shoker.abobeker@soran.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی لە ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووانگەیەکی ئاسایشانە بکۆڵێتەوە. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی بەهێز و نموونەی قەوارەیەکی دەگمەنە، ئامادەییەکی بەهێزی هەیە لە شانۆی سیاسی و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پەردە لەسەر ئایندەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لابدات، چونکە هەرێم تا ئاستێکی بەرز لە ڕووانگەی ئاسایشیەوە، دیدگا، پەیوەندی، سیاسەت و ستراتیژەکانی دادەڕێژێت و هەنگاو دەنێت و مامەڵە دەکات. بەهێزی و لاوازی ئاسایشی هەرێم کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان، هاوسەنگی هێز و هەڕەشەکان لە ئاستی ناوخۆیی و هەرێمیدا، دەبێت. توێژینەوەکە قوتابخانەی کۆپنهاگن، بەتایبەت ڕووانگەی باری بوزان، کە ئاسایش لە مانا بەرتەسکەکەی دەهێنێتە دەرەوە بۆ مانا و کایەکی فراوانتر وەرگرتووە. هەروەها ڕێبازی وەسفی (کواڵیتەیتف)ـی ڕەخنەیی بەکارهێناوە. توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم پرسیارانە دەوروژێنێت: ئایندەی ئاسایشی هەرێمی بەرەو کوێ؟ گرنگترین ئەو بوارە ئاسایشییانە چین کە ڕۆڵ و کاریگەریان لە دیاریکردنی ئایندەی هەرێم هەیە؟ لە دەرئەنجامدا؛ توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە ئایندەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناڕوونە، چونکە خودی هەرێمی کوردستان دابەشبووە و دەسەڵاتی باڵا بوونی نییە. تەحەدداکانی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆرترن لە دەرفەتەکان. هەروەها توێژینەوەکە پێی وایە دابەشبوونی هێز لە نێوان هەردوو حیزب (پارتی و یەکێتی) و بوونی دوو زۆن، دوو هێزی چەکداری حیزبی، گەورەترین مەترسین لەبەردەم مانەوە، سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم.

توێژینەوەکە ڕاسپاردەی ئەوە دەخاتەڕوو کە پێویستە هەردوو حیزبی حوکمڕان قوربانی بە بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان بدەن لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشی ستراتیژی هەرێم.

**کلیله وشەکان (وشە سەرەکییەکان):** هەرێمی کوردستانی عێراق، ئاسایش، بوارە ئاسایشییەکان.

**The impact of security sectors in determining the future of the Kurdistan Region**

Dr. Shuker Abubakr Aziz
Department of Politics and International Relations, Faculty of Law, Political Sciences and Management, Soran University, Soran .Autonomous Administration, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

This study aims to examine the future of the Iraqi Kurdistan Region from a security perspective. The importance of this issue is that the Kurdistan Region is a strong, unique entity, has a strong presence in the political theater, and influences the direction of events in Iraq and the region. Therefore, this study attempts to unveil the future of security in the Kurdistan Region, because the Region at a high level from the perspective of security, formulates its vision, relations, policies and strategies, and acts. The strengths and weaknesses of the Region's security will affect the political equations, balance of power, and threats at the local and regional levels. The study depends on the Copenhagen School, especially the Barry Buzan perspective, which takes security out of its narrow meaning and into a broader meaning. This study also used descriptive, and qualitative methods. And, it mainly raises the following questions: Where is the future of regional security headed? What are the most important security aspects that play a role in determining the future of the region? This study concluded that the future of security in the Kurdistan Region is uncertain because the Kurdistan Region itself is divided and there is no supreme authority. The challenges to the security of the Kurdistan Region more than opportunities. The division of power between the two parties (PDK and PUK) and the existence of two zones, two party armed forces, the biggest threat to

the survival, stability and security of the Region. The study recommends that both ruling parties should sacrifice their party interests in order to ensure the Region's strategic interests and security.
**Keywords:** Kurdistan Region of Iraq, security, security dimensions.

## تأثير القطاعات الأمنية في تحديد مستقبل إقليم كردستان

**د. شكر أبو بكر عزيز**
**قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، كلية الحقوق والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، إدارة سوران ذاتية الحكم، إقليم كردستان، العراق.**

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى دراسة مستقبل إقليم كردستان العراق من منظور أمني. وتكمن أهمية هذه القضية في أن إقليم كوردستان إقليم قوي ونموذج نادر، وله حضور قوي في المسرح السياسي، ويؤثر على مسار الأحداث في العراق والمنطقة. ولذلك تحاول هذه الدراسة الكشف عن مستقبل الأمني لإقليم كوردستان، لأن الإقليم تصوغ رؤيتها وعلاقاتها وسياساتها واستراتيجياتها بدرجة عالية من منظور أمني. إن قوة وضعف أمن الإقليم سيؤثر على التوازن السياسي وميزان القوى والتهديدات على المستويين المحلي والإقليمي. وتتبنى هذه الدراسة رؤية مدرسة كوبنهاجن التي تخرج الأمن من معناه الضيق إلى معنى أوسع. كما استخدم المنهج الوصفي النوعي النقدي. وتطرح الدراسة بشكل رئيسي التساؤلات التالية: إلى أين يتجه مستقبل الأمن الإقليمي؟ ما هي أهم المجالات الأمنية التي تلعب دورا في تحديد مستقبل المنطقة؟ وخلصت الدراسة إلى أن مستقبل الأمن في إقليم كوردستان غير مؤكد لأن إقليم كوردستان نفسه منقسم ولا توجد له سلطة عليا. إن التحديات أمام أمن إقليم كردستان أكثر من الفرص. كما ترى الدراسة أن تقسيم السلطة بين الحزبين (حزب العمال الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني) ووجود منطقتين مسلحتين للحزبين، يشكل أكبر تهديد لبقاء الإقليم واستقرارها وأمنها. وتوصي الدراسة بأن يضحي الحزبان الحاكمان بمصالحهما الحزبية من أجل ضمان المصالح الإستراتيجية والأمنية للمنطقة.
الكلمات المفتاحية: إقليم كردستان العراق، الأمن، المجالات الأمنية،

## ١. پێشەکی

لە ئێستادا ئەکتەرە جیاوازەکانی ناو شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە پاڵ ئامانجی مانەوەی خۆیان، هەوڵی بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆیان دەدەن، چونکە بوونی ئاسایشێکی بەهێز واتە مانەوەی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی درێژتر. لەبەرئەوەی تێکڕای کایەکانی دیکە بە چڕی وابەستە و کاریگەرن بە ئاسایش، تەنانەت تێکڕای کایەکان بەرەو بەئاسایشیبوون دەچن. بوون و مانەوە و شێوازی بیرکردنەوە، هەنگاونان، مامەڵە و سیاسەتکردنی یەکەکان (دەوڵەت و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و..هتد.) لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە ئاسایشیەکەیانە. ڕۆڵی کایە ئاسایشییەکان بەرچاو و دیارن لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەوڵەت و ئەکتەرە نادەوڵەتییە لاواز و بەهێزەکاندا. هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەکتەرێی دیارە لە ناو هاوکێشەکانی ناوچەکەدا هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش دەدات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات شیکردنەوەی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان بکات، لە ڕووانگەیەکی ئاسایشیانەوە. هەروەها، ئامانجییەتی ڕۆشنایی بخاتەسەر ڕۆڵی کایە ئاسایشییەکان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و مانەوە و بەهێزی هەرێمی کوردستان چەندە وابەستەی بوونی ئاسایشێکی بەهێزە.

### ٢.١ کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراق ناسێندراو بەڵام هەمیشە وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵ و کاریگەری هەیە و ئەکتەرێکی دیارە لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا کە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش دەدات. بە ئامانجی دەستەبەرکردنی زۆرترین دەستکەوت لە پێناو مانەوە و بەهێزکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئایندەی  هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووانگەیەکی ئاسایشانە تەنها پەیوەست نیە بە یەک بوار بەڵکو هەموو بوارەکانی ئاسایش پێکەوە دەتوانن ئایندەی  ئاسایشی هەرێمی کوردستان شێوەدار بکەن. بۆیە کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی هانی توێژەر دەدات لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیەوە ئەو بۆشایە زانستیە پڕبکاتەوە.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان ئەکتەرێکی نادەوڵەتی گۆڕانخواز و هەموارخوازە، ئامادەییەکی کارا و دیاری لە هاوکێشە سیاسی، ئاسایشیەکاندا هەیە، ڕۆڵی لە هاوسەنگ کردنی هێز و ترسدا هەیە لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا. هەروەها، گرنگی ئەو بابەتە لەوەش سەرچاوە دەگرێت کە دیدگا، هەنگاو و سیاسەتەکانی هەرێم، لێکەوتەی هەیە و دەبێت لەسەر هاوکێشەکانی سەقامگیری، ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە.

## ٤.١ ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات شیکردنەوەیەکی زانستی لە چوارجیوەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان بکات، لە ڕووانگەیەکی ئاسایشیانەوە. هەروەها، ئامانجییەتی ڕۆشنایی بخاتەسەر ڕۆڵی کایە ئاسایشییەکان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و مانەوە و بەهێزی هەرێمی کوردستان چەندە وابەستەی بوونی ئاسایشێکی بەهێزە.

## ٥.١ پرسیارەکانی توێژینەوە

**پرسیاری سەرەکی:** ئایندەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟

**پرسیاری لاوەکی:** ئەو بوارە ئاسایشییانە کامانەن کە کاریگەری بەرچاویان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە؟

## ٦.١ میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زانستە سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام دەدرێت. پەیڕەویی ڕێباز (میتۆد)ـی چۆنایەتی (وەسفی) و ڕەخنەیی دەکات، لە شیکردنەوەی چەمك و ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتەکە، پشت بە قۆتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش دەبەستێت، سەرچاوە دووەمەکانی بەکارهێناوە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین جۆری ژێدەری کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، وەك: کتێب، توێژینەوە و گۆڤاری زانستی، بەڵگەنامەی فەرمی و لێدوانی ڕۆژنامەوانی.

## ٧.١ پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێنج بەش، بەشی یەکەم پێشەکییە کە ئامانج، گرنگی، ڕێباز و پێکهاتەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت. لە بەشی دووەمدا؛ پاشخانێکی مێژووی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان خراوەتەوە ڕوو. لە بەشی سێیەمدا؛ ڕۆشنایی خراوەتە

سەر چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، کە قوتابخانەی کۆپنهاگنی بۆ ئاسایش وەرگرتووە. بەشی چوارەم تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ و ئەو بوارانەی کاریگەرییان لەسەر ئایندەی ئاسایشی هەرێم هەیە. لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا گرنگترین دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخرێنەڕوو.

## 2. پاشخانێکی سیاسی مێژوویی هەرێمی کوردستان

سەرئەنجامی خەبات، تێکۆشان و ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی 1991، کە بووە هۆی ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوی گەلی کوردستان و بەرەی کوردستانی (کە لە حیزبە کوردستانیەکان پێکهێنرابوو). هەروەها، ئەنجامدانی یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، لە کوردستانی عێراق لە ساڵی 1992، ئەوا نۆبەرەی (یەکەمین) کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. بەم هەنگاوە و بەشێوەیەکی تاکلایەنە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە چوارچێوەی هەرێمەکەیدا دەسەڵاتی خۆماڵی و حکومەتی دیفاکتۆ دامەزراند (پەرلەمانی کوردستان – عێراق، 2024)[١]. بەڵام، بەهۆی ململانێ و ناکۆکییە مێژوویی و لەمێژینەکانی نێوان دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بنبڕ نەکرابوو. ئەوا لە 1ـی 5ـی 1994 ناکۆکی و ململانێکیان گەیشتنە ئاستی گرژی، گرژییەکانیش تەشەنەیان کرد و بەم شێوەیە گرژیەکانی نێوانیان تەقینەوە و شەڕی ناوخۆ لە نێوانیاندا ڕوویدا. قوربانی یەکەمی ئەم ناکۆکییانە کە زۆرترین زیانی بەرکەوت، قەوارە دیفاکتۆیەکەی هەرێم بوو، کە دابەشبوو بۆ هەر دوو زۆنی زەرد و سەوز. ناکۆکییەکان ئەگەرچی لە کۆتاییەکانی ساڵی 1996 کەمتربوونەوە، بەڵام

---

[١] پەرلەمانی کوردستان - عێراق (٢٠٢٤) *یەکێتی نیشتمانی لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕی بودجە دەباتەوە* [ئۆنڵاین]. بەردەستە لە: <https://www.parliament.krd/about-parliament/history-of-parliament/> [سەردان: 22-04-2025]


بەیەکجاری بنڕ نەکران، بەڵکو ناوە ناوە، لێرە و لەوێ سەریانهەڵدەدایەوە و بەردەوامیان پێدەدرا، تا ئەنجامدانی ڕێککەوتنی واشنتن لەسەر دەستی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا خاتوو مادلین ئۆڵبرایت، لە نێوان مام جەلال، سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 17ـی 9ـی1998. ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە زەمینەی واقیعدا کۆتایی بە گرژی و بەیەکدادانی سەربازی هێنا. بەڵام، چیتر هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی یەکگرتوو نەمایەوە، بەڵکو هەرێم لە ڕووی سیاسی، ئابووری، سەربازی، ئەمنی و ئیداریەوە دابەشبوو بۆ دوو زۆن (عەلی، 2008: 216 - 223)[1]. بەمەش پێگەی هەرێم لاوازبوو و بووە خاوەنی دوو ناوەندی بڕیاری سیاسی. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی حوکمڕان لە عێراق لە ساڵی 2003، کاتێك لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی داگیرا (یان هەروەك هەندێك دەڵێن: ئازادکرا)، بارودۆخی عێراق بەگشتی و هەرێم بەتایبەت گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا هات، دووبارە پەیوەندییەکانی بەغداد لەگەڵ دەوڵاتانی دیکە پێناسەکرایەوە. ئەوەبوو لە دوای ساڵی 2005 و دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەوا سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراق جێگیرکرا، لە دەرئەنجامدا هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی دەستووری وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ لە عێراقدا، وەرگرت. هەروەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەی 117 دەستووری هەمیشەیی عێراقیدا بە دەق هاتووە: "ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی" (دەستووری عێراقی، 2005)[2]. بەمەش هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ لە ئاستی

---

[1] عەلی، هادی (٢٠٠٨) گەلی کورد و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستەم: کوردستانی عێراق بە نموونە. چ ١. سولەیمانی: خانەی ڕۆشنبیر.

[2] دەستووری عێراقی (٢٠٢٣) *هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ دەخرێنەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و موچەکانیشیان دەکرێتە ئەلیکترۆنی* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <https://investpromo.gov.iq/wp-content/uploads/2013/06/iraqi-constitution-En.pdf> [سەردان: 22-04-2025]

ناوخۆ و دەرەوە چووە پێشەوە، ڕەهەندە دیفاکتۆیەکەی بەپێی یاسا و دەستوور چەسپێنرا و چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری وەرگرت. دوای ٢٠٠٥ بەناو نەوەك بە ناوەڕۆك، کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات. ئەمەش دەرفەتی کرانەوەیەکی جۆری لەبەردەم هەرێمی کوردستاندا کردەوە، تەنانەت نەك لە هەرێم بەڵکو لە بەغداش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بەتایبەت تا ئەو کاتەی هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوام بوو. هەرێم بە جوڵە دیپلۆماسی، ئابووری و سیاسییەکانی پێگەیەکی بەهێزی بەدەستهێنا، ئەوەتا ئەبابەکر[١] (2020) دەڵێت: هەرێمی کوردستان تا ئاستێکی زۆر وەك نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی کردووە. بەتایبەت دوای هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بێ گەڕانەوە بۆ بەغداد. ئێستاش بەپێویستی دەزانین لە ڕووانگەی ئاسایشیەوە ڕ ۆشنایی بخەینەسەر ئایندەی ئاسایشی قەوارەی هەرێم کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا.




نەخشەی ئیداری هەرێمی کوردستان (موحەممەد، ٢٠١٩، لا ٢).

ڕادیپلۆماسییەوە بۆ

پرۆتۆدیپلۆماسی

## 3. چوارچێوەی تیۆری

بە پشتبەستن بە تێڕوانینی کلاسیک بۆ ئاسایش، کە بەرهەمی تێڕوانینی لایەنگرانی قوتابخانەی ڕیالیزمە، ناتوانین خوێندنەوەیەکی دروست و تێروتەسەل بۆ ئەم پرسە بکەین، چونکە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا خوێندنەوە بۆ پرسی ئاسایش دەکات. لەبەرئەمە لێرەدا پشت بەڕووانگەی نوێ بۆ چەمکی ئاسایش دەبەستین کە ڕووانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنە، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتیی کۆپنهاگن، کە لە ساڵی 1985 دامەزراوە، بەتایبەتیش بۆ شاکارەکەی باری بوزان[١] (ئاسایش: چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکاری)، کە لە ساڵی 1998 بڵاوکرایەوە. بیریارە دیارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن کۆکن لەسەر دابەشکردنی ئاسایش بۆ پێنج بوار و کایەی سەرەکی ئاسایش، بۆ نموونە باری بوزان (١٩٨٣) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی: "*People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era*"، چەمکی ئاسایش دابەش دەکات بۆ پێنج کایەی سەرەکی، کە ئەوانیش بریتین لە بواری سەربازی، ژینگەیی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی). بەڵام دابەشکردنەکەی بوزان دابەشکردنێکی تەقلیدییە، چونکە بوزانیش دەوڵەتی کردووەتەوە بە سەنتەر و یەکەی سەرەکی ئاسایش (حەمە، 2021)[٢]. یەکەمیان؛ کەرت و بواری سەربازییە، پەیوەستە بە توانا بەرگری و هێرشبەرییەکانی دەوڵەت، بەلەبەرچاوگرتنی نیازی دەوڵەتانی دیکە. دووەمیان؛ بواری سیاسییە، جەخت لەسەر سەقامگیری دامەزراوە، سیستەم، حکومەت، هەروەها ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە شەرعییەتیان

---

[١] Buzan, Barry. **People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era**. 2nd ed. Harvester Wheatsheaf, 1991. (First edition published in 1983.)

[٢] حەمە، هاوڕێ (٢٠٢١) *قوتابخانەی کۆپنهاگن و بوارەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش*. [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rojpress.wordpress.com/2021/07/31/1-997/> [سەردان: 22-04-2025]

پێدەدات، دەکاتەوە (ویلیامز[١]، 2008، لا 4). هەروەها حەمە (٢٠٢١) دەڵێت: لە پێداچوونەوەکەیاندا بۆ چەمکی ئاسایش، لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە ئامرازە سەربازییەکان هەڕەشە لەسەر سەروەری دەوڵەت دروست دەکەن، لەپاڵیشدا ئامرازە ناسەربازییەکانیش دەکرێت ببن بە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر سەروەری دەوڵەت. هەروەها لەم بوارەدا تەنها دەوڵەت یەکەی ئاسایش نییە، بەڵکو یەکە یان نەتەوەکان وەکو یەکێتی ئەوروپا، یەکە خوار نەتەوەکان وەکو قەوارە نیمچە دەوڵەت یان ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی وەك هەرێمی کوردستانی عێراق، یەکە و ئاکتەری ئاسایشن. بواری سێیەم بواری ئابوورییە: تایبەتە بە بەردەستبوونی سەرچاوەکان، دارایی و دەستگەیشتن بە بازاڕەکان، کە پێویستن بۆ بەردەوامبوونی ئاستێکی باش لە خۆشگوزەرانی و هێزی دەوڵەت. یەکەکانی ئاسایش لە بواری ئابووریدا دەوڵەت، تاك، یەکە خوار نەتەوە و یەکە یان نەتەوەکان دەگرێتەوە، تا دەگاتە چینە کۆمەڵایەتی و کۆمپانیاکان. دەوڵەت لەم سێ بوارەدا یەکەی سەرەکی ئاسایشە. چوارەمیان بواری ئاسایشی کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی)ـە، ڕابح[٢] (٢٠١٩) لەوبارەوە دەڵێت: پەیوەندی بە شیان و توانای کۆمەڵگاکانەوە هەیە لە بەرهەمهێنانەوە و گەشەسەندنی تایبەتمەندییەکانیان، لە زمان، کەلتوور، ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی، داب و نەریت. هەروەها ئەو هەڕەشە و بەرکەوتنانەی کە کاریگەرییان لەسەر شێواز و نەخشی شوناس (ناسنامە) و کەلتووری کۆمەڵگاکان هەیە. هەروەك حەمە (٢٠٢١) دەڵێت: دەکرێ بڵێین زیادکردنی ئاسایشی ناسنامە گرنگە: لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان هەروەك ماری کاڵدۆر دەڵێت: شەڕ و ململانێکان لەسەر بنەمای ناسنامە دامەزراون. بۆ نموونە شەڕ و ململانێکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نێوان شیعە و سوونە و کورد لە عێراق، هەروەها شەڕی

---

[١] ویلیامز، پاوڵ (٢٠٠٨) *دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان*. لە: ویلیامز، پاوڵ: دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان. چ ١، لەندەن: ڕۆتلَج.

[٢] ڕابح، زاوی. (٢٠١٩) *ڕێکخستنە ئەمنییەکان لە حەوزی دەریای ناوەڕاست و کاردانەوەکانیان لەسەر وڵاتانی مەغریب ٢٠٠٧-٢٠٢٠*. نامەی ماستەر ٢٠١٨ – ٢٠١٩، زانکۆی موحەممەد خزوەیر: سەکرە.

ساردی نێوان سعودیە و ئێران. هەر هەموویان ڕەهەندێکی ئاسنامەیی قووڵیان هەیە. دووەم: لە دوای جەنگی ساردەوە زۆرینەی ڕەهای بەیەکدادانە چەکدارییەکان لە ئاستی ناوخۆی وڵاتاندا بوون و ناوخۆیی بوون. سێیەم: ئاسایشی ناسنامە گرنگە، نەک لەبەر ئەوەی گەلانی بێ دەوڵەت زۆرن، چونکە مرۆڤەکان لە ڕێگەی پێکهاتەکەیەوە پەیوەندی سیاسی خۆیان دەردەبڕن نەک دەوڵەتەکەیان. پێنجەمیان: ئاسایشی ژینگەییە، پەیوەستە بە پاراستنی بایۆسفێری ناوخۆیی و هەسارەیی وەک سیستەمی پشتیوانی بنەڕەتی کە هەموو پرۆژەکانی دیکەی مرۆیی پشتی پێدەبەستن (ویلیامز، ٢٠٠٨، لا ٤)[1]. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ژینگە چۆن بەهایەکی ئاسایشی دەبێت؟ لەمبارەوە تیۆری سەوز دابەش دەبێت بۆ دوو ئاڕاستە: سەوزی کاڵ و سەوزی تۆخ، لایەنگرانی سەوزی کاڵ پێیان وایە ژینگە هیچ بەهایەکی ئاسایشی نییە، بەڵکو پاراستنی ژینگە پێویستە بۆ پارێزگاری کردن لە شارستانییەت و مرۆڤایەتی، کە بەهای ئاسایشیان هەیە. لێرەدا مرۆڤ سەنتەرە و بەهای باڵای ئاسایشە. بەپێی ڕووانگەی ئەم ئاڕاستەیە ژینگە ئامرازە و لە خزمەتی بەهایەکی باڵاتردایە، ئەویش بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتییە. بەپێچەوانەوە، لایەنگرانی سەوزی تۆخەکان باوەڕیان وایە ژینگە لە خودی خۆیدا بەهای باڵای ئاسایشە، بۆیە دەبێت پرسە ژینگەییەکان بکرێن بە بابەت و پرسی لەپێشینەی ئاسایشی دەوڵەت، ژینگە سەنتەرە و مرۆڤ بەشێکە لێی (حەمە، ٢٠٢١)[2].

## 4. ئایندەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟

لەم بەشەدا لە چوارچێوەی پێنج کایە و بوار شیکردنەوە بۆ ئایندەی ئاسایشی هەرێم دەکەین، ڕۆشنایی دەخەینەسەر شیان و توانای هەرێم لەم بوار جیاوازانەدا. شرۆڤە بۆ ئەوە دەکەین کە ئایندەی

[1] ویلیامز، پاوڵ (٢٠٠٨) *دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان*. لە: ویلیامز، پاوڵ: دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان. چ ١، لەندەن: ڕۆتڵج.

[2] حەمە، هاورێ (٢٠٢١) *قوتابخانەی کۆپنهاگن و بوارەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rojpress.wordpress.com/2021/07/31/1-997/> [سەردان: 22-04-2025]

هەرێم بەرەو کوێ دەچێت و چەندە ئایندەی هەرێم لە ڕووی ئاسایشی قەوارەکەیەوە دەستەبەر و مسۆگەرە.

**٤. ١ لە بواری سەربازیەوە**

هێز، بە سەرجەم جۆرەکانیەوە گرنگییەکی ڕادەبەدەری هەیە، چونکە باشترین ئامراز کە هەرێم پێویستە دەستەبەری بکات بۆ پاراستنی ئایندەی ئاسایشی خۆی و مانەوەی خۆی پێ مسۆگەر بکات، بریتییە لە زیادکردنی هێزی خۆی و تواندنەوەی هێزی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە ناو قالبی هێزێکی نیشتمانی یەکگرتوودا. لەبەرئەوەی بوونی هێز چ وەك ئامانج یان وەك ئامراز تاکە ڕێگای مانەوەیە. بێگومان وەك تیۆری ڕیالیزمی بونیادی دەڵێت: هێز چاکترین ئامرازە بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەی دەوڵەت لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (برایار و جەلیلی، ٢٠٠٩)[١]. خوای گەورەش دەفەرموویت: "*وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة*" سورەتی ئەنفال، ئایەتی ٦٠. واتە ئەوەندەی لە تواناتدا بێت هێز ئامادە بکەن. هەروەها هێربێرت سپێنسەر دەڵێت: "مانەوە بۆ بەهێزترینە" (زانکۆی کامبریج، ٢٠٢٤)[٢]. هەروەك باشترین ئامراز و ڕێوشوێن بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت، پشت بەخۆبەستنە، چونکە هیچ یەکێك یارمەتیدەری ئەوەی تر نییە (مێرشایمەر، ٢٠١٣)[٣]، هەروەها ئەگەری ڕوودانی جەنگ هەردەم کراوەیە، بۆیە چاکترین ئامراز بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و مانەوە و پاراستنی ئاسایش هێزی سەربازییە (حسێن، ٢٠١٧)[٤]. بە ئەندازەی گرنگی هێز بۆ خزمەتی قەوارەی هەرێم، ئەوا

---

[١] برایار، فیلیب و جەلیلی، محەممەد (٢٠٠٩) *پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان*. چ ١. بەیروت: داری هیلال.

[٢] زانکۆی کامبیریج (٢٠٢٤) *مانەوە بۆ بەهێزترینە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.darwinproject.ac.uk/commentary/survival-fittest> [سەردان: 22-04-2025]

[٣] مێرشایمێر، جۆن. (٢٠١٣) *ڕیالیزمی نوێ*. لە: تیم، د.، کورکی، م. و سمیس، س. *تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. پسپۆری و جۆرێتییەکان*. چ ٣: ئۆکسفۆرد: زانکۆی ئۆکسفۆرد.

[٤] حوسێن، شەماڵ (٢٠١٧) *سیاسەتی دەرەکی*. چ ١. هەولێر: تەفسیر.

فرە هێزی و نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی ئەوەندەش مەترسییە بۆ سەر ئایندەی ئاسایشەکەی. لەبەرئەوەی بوونی هێز لە دەستی دوو حیزبدا، مانەوەی ئەوان مسۆگەر دەکات نەوەك ئایندەی هەرێم.
هەرێمی کوردستان پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاوکێشە سەربازی و ئاسایشییەکاندا هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی سەربازی، دامەزراوەی ئاسایشی و هەواڵگرییەکانەوە، بەسەر دوو بەرە و زۆندا دابەش بووە، شتێکی نییە بەناوی لەشکرێکی یەکگرتووی کوردستانی یان دەزگای هەواڵگری نیشتمانی، بەڵکو هێزی سەربازی لە هەرێم بەسەر هەردوو زۆنی زەرد و زۆنی سەوز دابەش بووە. زۆنی زەرد لەژێر دەسەڵات و هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان دایە. هەرچی زۆنی سەوزە، ئەوا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حوکمڕانی ڕەهایە تێیدا. پارتی یەکەی ٨٠ و یەکێتیش یەکەی ٧٠ هەیە. ئەم دوو هێزە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن، فەرمان لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێم کە سەرۆکی هەرێمە وەرناگرن. بەڵکو، فەرمان لە سەرکردایەتیی حیزبی خۆیان وەردەگرن و وەزارەتی پێشمەرگە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نییە. ئەگەرچی وەزارەتی پێشمەرگەی کۆمەڵێك لیوای هاوبەشی هەن، کە ژمارەیان نزیکەی ١٩ لیوایە کە لە نزیکەی ٤٣ هەزار پێشمەرگە پێکدێت و لەژێر فەرمانی وەزیری پێشمەرگەدان. هەروەها، پرۆسەی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمریکا بەڕێوە دەچێت، لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیەکی ٣٥ خاڵی (عەزیز و کۆتی، ٢٠٢١)[١]. فشارەکانیش لەسەر هەردوو حیزبەکە بەردەوامن بۆ بەنیشتمانی کردنی هێزی

[١] عەزیز، سەردار و کۆتی، ئەندرێ (٢٠٢١) *پێشمەرگەی کورستانی عێراق: چاکسازی سەربازی و بونیادنانی نەتەوە لە سایەی سیاسەتێکی دابەشبوودا* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/Second%20semester/1.%20Shoker;%20Contemporary%20National%20Security/Article/The%20Iraqi%20Kurdish%20Peshmerga%20%20military%20reform%20and%20nation-building%20in%20a%20divided%20polity.pdf> [سەردان: 22-04-2025].

پێشمەرگەی کوردستان و دەرهێنانی لە ژێر هەژموونی حیزب. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە تەنها لە ڕووکەشدا سەرکەوتووبوون. لەبەرئەوەی ئەم لیوا هاوبەشانە تەنها بەناو یەکیان گرتووە. ئەگەرنا لەناوەڕۆکدا پەنجا بە پەنجا لە هێزەکانی پارتی و یەکێتی پێکهێنراون.

لەکاتی دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی (بەناو) دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ٢٠١٤، ئەم هێزانە قارەمانێتی خۆیان پێشاندا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا و بەیەوەکە لە یەك بەرەدا جەنگان. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشیان لەگەڵ داعش هەبوو و تەنها ١٥ کیلۆمەتر سنوور لە نێوان هەرێم و عێراقدا مابوو (بارزانی ٢٠١٥[١] و چۆمانی ٢٠٢٢[٢]). یاوەڕ ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم شەڕەدا زیاتر لە ١٧٠٠ کوژراو و ١٠٠٠٠ بریندار لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەدا هەبووە. هەرێم لە ماوەی شەڕی دژی داعش پەیوەندییە هەواڵگری و سەربازییەکانی بردە ئاستێکی زۆر بەزر، لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، هەروەك بارزانی (2015) دەڵێت: ئێران وەك یەکەم وڵات یارمەتی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد لە جەنگی دژی داعش. هەروەها هەرێم هێزی پێشمەرگەی بەناو خاکی تورکیادا نارد بۆ کۆبانێ بۆ یارمەتیدانی شەڕڤانان لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش (بارزانی، 2014).[٣]

---

[١] بارزانی، مەسعود (٢٠١٥) *چاوپێکەوتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی حەیات* [ئۆنلاین].< https://presidency.gov.krd/krp/arabic/articledisplay.aspx?id=ohMDlctx+n8=> [سەردان: 2025-04-22]

[٢] چۆمانی، کەمال (٢٠٢٢) *پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <journalskuwait.org/kjs/index.php/KJS/article/view/8906https://> [سەردان: 2025-04-22]] .

[٣] بارزانی، مەسعود(٢٠١٤) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەلعەرەبییە [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: < https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=5TptEqFx3jU> [سەردان: 2025-04-22]


ئەمەش بەهێزی پێگە و ئامادەیی هەرێم پیشان دەدات. بەڵام ئەم بەهێزییە بەردەوام نەبوو، بەهۆی ناکۆکییە حیزبییەکان، ئەوەتا لە گەورەترین و دیارترین تاقیکردنەوەدا ئەم لیوا هاوبەشانە لاوازی پرۆسەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و شکستی پرۆسەکەیان سەلماند. ئەویش لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسی (ڕیفراندۆم)ـی سەربەخۆیی لە ٢٥ـی ٩ـی ٢٠١٧ کە دەنگی بەڵێ زیاتر لە ٩٢% هێنا (ئەبابەکر، ٢٠٢٠)[١]، ئەوا لەگەڵ ڕووداوەکانی ١٦ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧. ئەوا ئەم لیوا هاوبەشانە لەبەریەك هەڵوەشانەوە و هەر یەکەیان چووەوە ژێر سایە و فەرمانی حیزبەکەیان. هێزەکانی یەکێتی بەهۆی ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی بەرپرسی پێشووی فەیلەقی قودس لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کشانەوە و ڕادەستی سوپای عێراق و حەشدی شەعبییان کردەوە. ئەم کشانەوەیە بە بڕیاری خودی باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی (بەسەرۆکایەتیی پاڤڵ تاڵەبانی) بوو، لەکاتێکدا وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەی ڕەتکردەوە هیچ فەرمانێکی بۆ کشانەوەی هێزەکان دەرکرد بێت (شەرقلئەوسەت، ٢٠١٧)[٢]. لە

---

[١] ئەبابەکر، یاسین (٢٠٢٠) *هەرێمی کوردستان: لە پاڕادیپلۆماسییەوە بۆ پرۆتۆدیپلۆماسی* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە:
> file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/First%20semester/2.%20Regional%20Relations%20of%20Kurdistan%20Region%20-%20Iraq/from%20para%20diplomacy%20to%20proto%20diplomacy%20of%20KRG.pdf< [سەردان: 22-04-2025].

[٢] شەرقلئەوسەت (٢٠١٧) *بەرپرسێکی کورد، فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی لە کەرکوك لەلایەن سولەیمانیەوە دەرچووە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە:
> https://aawsat.com/home/article/1054791/%D9%85%D8%B3%D8%A4%D9%88%D9%84-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%8A-%D8%A3%D9%88%D8%A7%D9%85%D8%B1-%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AD%D8%A7%D8%A8-%D8%A8%D9%8A%D8%B4%D9%85%D8%B1%D9%83%D8%A9-

ئەنجامی دابەشبوونی هێز (Power) لە نێوان پارتی و یەکێتی، نەبوونی هێزێکی نیشتمانی یەکگرتوو، کە تەنها فەرمان لە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێم وەربگرێت نەوەك لە سەرۆك و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان، هەرێمی کوردستان دوای ڕووداوەکانی ١٦ـی ئۆکتۆبەر زیاتر لە ٥١ـی خاکی هەرێمی کوردسانیان لەدەستدا، کە لە ئەنجامی شەڕی داعش بەدەستیان هێنابوو (ڕەئوف و ڕەفعەت، ٢٠٢٠).




*نەخشە: ناوچە جێناکۆکەکان کە زیاتر لە ٥١% خاکی هەرێم پێکدەهێنێت (سکێلتۆن و سەلیم، ٢٠١٩).*

لە پاڵ هێزی سەربازیدا، هەرێمی کوردستان چەندین دەزگا و دامەزراوەی ئاسایشی و هەواڵگری هەیە، وەك دەزگای زانیاری، دەزگای پاراستن، دژەتیرۆری پارتی و دژەتیرۆری یەکێتی و دەزگای ئاسایش. ئەگەرچی ئەم دەزگایانە لەژێر چەتری ئەنجومەنی

---

%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA%D8%AD%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B7%D9%86%D9%8A-%D9%85%D9%86-%D9%83%D8%B1%D9%83%D9%88%D9%83-%D8%B5%D8%AF%D8%B1%D8%AA-%D9%85%D9%86-%D8%B3%D9%84%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A>
[سەردان: 22-04-2025]

ئاسایشی هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە، بەڵام، لە واقیعدا لەژێر هەژموونی هەردوو پارتی دەسەڵاتداردان. لێرەدا گەیشتینە ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازیەوە یەکگرتوو نییە، خاوەنی هێزێکی نیشتمانی تۆکمە نییە، کە تەنها ملکەچی فەرمانی دامەزراوە فەرمی و دەستوورییەکانی هەرێم بن، بەڵکو حیزب جڵەوی بڕیار، جوڵەپێکردن و ئاڕاستەکردنی هێزەکانی بەدەستە، سەرباری فشارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەرێم نەیتوانیوە هێزە سەربازییەکانی لە ژێر چنگ و هەژموونی حیزب ڕزگار بکات و بیانکاتە هێزێکی نیشتمانی. بەم پێیە ئاسایشی سەربازی قەوارەی هەرێمی کوردستان پارێزراو نییە و بەڵکو بووەتە قوربانی ئاسایشی سەربازی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

**٤. ٢ لە بواری سیاسییەوە**

هەرێمی کوردستان وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و هەرێمێکی فیدڕاڵی، یاریکەرێکی گرنگە لە نێو گۆڕەپان و مەیدانی هاوکێشەکانی هێز و سیاسەتدا. بەڵام پێکهاتەی سیستەمی سیاسییەکەی پێکهاتەیەکی نامۆیە. هەروەك چۆمانی (٢٠٢٢)[١] دەڵێت: کوردستانی عێراق پێگەیەکی بەهێزی هەبووە لە ڕووی هاوسەنگی هێز لە نیوەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە نێوان تورکیا و ئێراندا. هەرێم سیستەمێکی سیاسی وای هەیە کە دەتوانین بڵێین پێکهاتەکەی دەگمەن و بێهاوتایە لە جیهاندا و هاووێنەی نییە. هەرچەندە هەرێم بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەرێمێکی فیدڕاڵی دەستوورییە، سیستەم و دەسەڵاتەکانی بە دەستوور ڕێکخراون (دەستووری عێراقی، ٢٠٠٥). بەڵام لە زەمینەی واقیعدا؛ هەرێم وەك جوگرافیا، ئابووری، ناوەندی بڕیاری سیاسی، هێز، سیاسەتی دەرەکی، ناوخۆیی، گوتار و... هتد دابەشبووە، لە نێوان دوو هێزی حیزبدا، کە ڕکابەری لەمێژینەن. ئەوانیش پارتی (حوکمڕانی زۆنی زەرد) و یەکێتی (حوکمڕانی زۆنی سەوز)ـن. زۆنی سەوز بە ئاشکرا سیاسەت و هەنگاوەکانی کۆکە لەگەڵ

---


[١] چۆمانی، کەمال (٢٠٢٢) *پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <journalskuwait.org/kjs/index.php/KJS/article/view/8906https://> [سەردان: 2025-04-22]] .

سیاسەتەکانی ئێران و بەرەی بەرگری (مقاوەمە)ـیە کە لەلایەن ئێرانەوە سەرکردایەتی دەکرێت. بەمانایەکی دیکە زۆنی سەوز بەچڕی لەژێر کاریگەری سیاسەت و هەژموونی ئێران دایە. بەڵام هەرچی زۆنی زەردە، کە پارتی حوکمڕانیەتی، ئەگەرچی پەیوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، بەڵام پەیوەندییەکانی زیاتر لەگەڵ تورکیا بەهێز و ستراتیژییە، زیاتر بە ئاڕاستەی تورکیا و ڕۆژئاوا و ئەمریکا کاریگەرە و هاوئاوازی سیاسەتەکانیانە. کاگاپتای[١] (٢٠٠٨، لا ٥) دەڵێت:. بۆیە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان سەروەری ناوخۆی نییە، خاوەنی یەك دیدگا، گوتار، بڕیار، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی، نییە. بەڵکو لە واقیعدا دوو حوکمڕانی هەن کە پێیان دەوترێت سەوز و زەرد. هەروەها عەلی (٢٠١٧)[٢] دەڵێت: لە شەڕی ناوخۆی کورد لە ساڵانی نەوەدەکاندا، ئێران لایەنگری یەکێتیی کرد و هەژموونی یەکێتی لە سنووری زۆنی سەوز سەپاند. لەبەرامبەردا پارتی داوای پشتیوانی لە تورکیا کرد. ئەم دابەشبوونە لە هەرێمی کوردستان لە شەڕی ناوخۆوە بەردەوامە و سنووری نێوانیان دیگەڵەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هەولێرە و لەلایەن پارتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەوا ناتوانێت یەك پۆلیسیش لە سنووری سلێمانی بگوازێتەوە بەبێ ڕەزامەندی یەکێتی. هەمیشە بەرژەوەندی و ئاسایشی حیزب بەتایبەت حیزبی لەسەرووی بەرژەوەندی و ئاسایشی هەرێم بووە.

---

[١] کاگاپتای، سۆنەر (٢٠٠٨) *ئایندەی کوردانی عێراق* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە:
> file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/First%20semester/2.%20Regional%20Relations%20of%20Kurdistan%20Region%20-%20Iraq/The%20Future%20of%20the%20Iraqi%20Kurds.pdf< [سەردان: 22-04-2025]

[٢] عەلی، عوسمان (٢٠١٧) *ئێران و بارزانی: خراپتربوونی پەیوەندییەکان و مەترسیی پێکدادانێکی حەتمی؟* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: >https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ttb-nfwdh-alqwt-alnamt-alayranyt-fy-aqlym-krdstan-alraq< [سەردان: 22-04-2025].




نەخشە: دابەشبوونی هێز لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆرنی زەرد و زۆنی سەوز (درەو مێدیا، ٢٠٢٣).

ئەوەتا کاتێك لە ٢٥ـی ٩ـی ٢٠١٧ گشتپرسیی سەربەخۆیی ئەنجامدرا، حکومەتی ناوەندی بە هاوکاری سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی بەرەنگاری هەرێمی کوردستان بوونەوە، بەمەبەستی لاوازکردنی. لەوسەروبەندەدا تاقمێکی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی بەبێ گەڕانەوە بۆ دامەزراوە فەرمی و دەستوورییەکانی هەرێم، ڕێککەوتنێکی سیاسی ژێر بەژێری لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی و بەرپرسی فەیلەقی قودس ئەنجامدا، کە ڕووداوەکانی لە ١٦ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کەرکوك و جێناکۆکەکانی لێکەوەتەوە. مەسعود بارزانی (٢٠٢٠، لا ١٦٥)[1] سەرۆکی پێشووی هەرێم ئەم ڕێککەوتننامەیەی بە ناپاکی (خیانەت) وەسفی کرد. بەڵام پافڵ تاڵەبانی کە ئەو کات هیچ بەرپرسیارێتییەکی فەرمی نەبوو، سەرکردایەتیی کوردستانی تۆمەتبار کرد، بەوەی کۆمەڵێك هەڵەی ستراتیژیان ئەنجامداوە و کوردستانیان خستۆتە ناو تەنگەژەوە، بۆیە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی بە کارێکی باش و دەستکەوت لێکدایەوە (بی بی

[1]بارزانی، مەسعود. (٢٠٢٠) *بۆ مێژوو*. چ ٣. هەولێر: دەزگای خێرخوازی بارزانی.

سی، ٢٠١٧)[١]. ئەمە پێمان دەڵێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیان بەدەست نییە، بەڵکو تەنها کاتێك دەتوانن بڕیاری سیاسی نیشتمانی یەکگرتوو دەربکەن، کە هەردوو پارتی خاوەن هێز و دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) لەسەری کۆك بن. هەروەها کاتێك سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە میانی وتارێکیدا لە کۆنفرانسی وزەی جیهانی کە لە 28ـی 3ـی 2022 لە دوبەی پایتەختی ئیمارات بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی کار دەکات بۆ ئەوەی غاز هەناردەی تورکیا و ئەوروپا بکات (ئەلدەهان، 2022)[٢]. ئەوا بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی لەوەڵامدا وتی: مەگەر بۆری گازەکە بەسەر لاشەی مندا پەوات، ئەو کات ڕێگە بە هەناردەکردنی گاز دەدەم (خەندان، 2022)[٣]. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کێڵگەکانی گاز زیاتر دەکەونە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. ئەم هەڵوێستەی بافڵ تاڵەبانی ئەوە دەسەلمێنێ کە دوو ناوەندی بڕیاری سیاسی هەن، هەرێم لە ماوەی حوکمڕانیە 33 ساڵیەکەیدا نەیتوانیوە یەك ناوەندی بڕیاری سیاسی دروست بکات، بڕیارە نیشتمانیەکان لەلایەن دامەزراوە فەرمییە نیشتمانیەکانەوە دەربچن و خۆی لە هەژموونی جووت حیزبی دەسەڵات بپارێزێت. ئەم هەڵوێستە دژیەکەی

---

[١] کۆمپانیای پەخشی بەریتانی (بی بی سی) (٢٠١٧) *کورەکەی تاڵەبانی وردەکارییەکانی دوایین کاتژمێرەکانی پێش چوونە ناو شاری کەرکووک بۆ بی بی سی دەگێڕێتەوە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.bbc.com/arabic/media-41754294> [سەردان: 2025-04-22]

[٢] ئەلدەهان، ماها و ئەلکوسا، ڕیهام (٢٠٢٢) *سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان: هەرێم توانای دابینکردنی وزەی هەیە بۆ ئەوروپا* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.reuters.com/world/middle-east/iraqi-kurdistan-has-energy-capacity-help-europe-says-iraqi-kurdish-pm-2022-03-28/> [سەردان: 2025-04-22]

[٣] خەندان (٢٠٢٢) *بافڵ جەلال تاڵەبانی: دەبێت بەسەر لاشەی مندا بۆری غاز هەناردەی دەرەوە بکرێت* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.xendan.org/detailnews?jimare=149335&babet=1&relat=1024> [سەردان: 2025-04-22]

سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی یەکێتی ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی شتێك نییە بەناوی پەیکەربەندی (Heirarchy) بەڵکو پشێوی و پاشاگەردانی (Anarchy) زاڵە، کە دەرئەنجامێکی سروشتیی دابەشبوونی هێزی سەربازی، ئابووری، هەواڵگری و ئاسایشییە لە هەرێم. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی دەسەڵاتی باڵا (Heigh Authority) لە هەرێم بەناو هەیە، بەڵام بە ناوەڕۆك و لە زەمینەی واقیع بوونی نییە، کە گوزارشت لە سیاسەتی نیشتمانی هەرێم بکات.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئایندەی ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، چونکە ئەوەی بڕیار و دەسەڵاتی سیاسی بەدەستە ئەوە دامەزراوە فەرمیی، دەستووری و شەرعییەکانی هەرێم نین. بەڵکو دەستەبژێرێك ئەم بڕیارەیان بەدەستە کە جڵەوی حوکمیان لە ناو هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بەدەستە.

## ٤. ٣ لە بواری ئابوورییەوە

ئابووری یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی هێزی دەوڵەت. کاتێك ئابووری لاواز دەبێت، ئەوا کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر سەرجەم ئاستەکانی دیکە لە تاك، دامەزراوە، حکومەت و دەوڵەت. ئابووری بەهێزیش ئامادەیی سیاسی، سەربازی و.. هتدی قەوارە و دەوڵەت بەهێز دەکات، لەسەر شانۆی پێشهات و پرسەکاندا، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. هەرێمی کوردستان ئەگەرچی ژینگە و ژێرخانێکی لەباری هەیە بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز. بەڵام هەروەك سۆسنۆوسکی (٢٠١٩)[١] ئاماژەی پێدەدات: هەرێم وەك تێکڕای ئەو وڵاتانەی خاوەن کانزا و دەرامەتە سروشتیەکانن بەتایبەت نەوت و گاز، ئەوا زیاتر پشت بە داهاتی نەوت و هەناردەکردنی پێکهاتەکانی دەبەستێت، واتە ئابوورییەکەی. هەرێم بەڕێژەی زیاتر لە ٩٠% پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. هەروەها بۆ دابینکردنی کاڵا و پێداویستییە ناوخۆییەکان نانەوتییەکان بە ڕێژەی نزیکەی لە ٩٠

[١] سۆسنۆوسکی، پیۆتر (٢٠٢١) *ئابووری تاکسەرچاوەیی هەرێمی کوردستان لە عێراق وەك سەرچاوەی بەربەست لەبەردەم چاکسازیی کەرتی ئاسایشی هەرێم* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <https://securityanddefence.pl/pdf-105429-36190?filename=Rentier%20economy%20of%20the.pdf> [سەردان: 22-04-2025

پشت بە هاوردەکردن دەبەستێت. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت سەرچاوەی داهاتی هەرێم تا ئاستێکی زۆر تاك سەرچاوەیە. لە ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆدا و دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆیی، بەتایبەت کاڵا و پێداویستییە ستراتیژییەکان نەیتوانیوە ژینگە و ژێرخانە لەبارەکەی بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی بەهێز. بۆ نموونە کاتێك هەرێمی کوردستان گشتپرسیی سەربەخۆیی لە ٢٥ـی ٩ـی ٢٠١٧ ئەنجامدا، ئەوا ئێران و تورکیا و عێراق ڕێککەوتن کە دەروازە سنوورییەکان بەڕووی هەرێمدا دابخەن، تەنانەت بواری ئاسمانی هەرێمیشیان داخست. ئەگەرچی تورکیا دەروازەکان لەگەڵ هەرێم دانەخست، هەرچەندە هەڕەشەی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستانی دەکرد، بەڵام بەکردار هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. بەڵام ئێران سەرجەم دەروازەکانی لەگەڵ هەرێم داخست، ئەمەش لە چوارچێوەی فشار و ڕێککەوتن بوو لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ لەقاڵبدانی هەرێم و لاوازکردنی پێگەکەی (بارزانی، ٢٠٢٠[١] و ئەلجەزیرە، ٢٠١٧[٢]). بەمەش دۆخی ئابووری هەرێم کەوتە بارودۆخێکی ناهەموارەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرێم دەبێ خۆی لە تاك سەرچاوەی ئابووری دەرباز بکات و ژێرخانی ئابوورییەکەی پتەو بکات، خۆی بۆ پێشهاتە دژوارەکان ئامادە بکات، تا بەئاسانی ئاسایشی ئابووریەکەی نەکەوێتە ژێر مەترسی.

سەبارەت بە نەوت و گاز، ئەوا دوو ژێدەری گرنگی ئابووری هەرێمن، لە پاڵ ڕەهەندە ئابوورییەکەیان، ئەوا ڕەهەندێکی سیاسی و

---

[١] بارزانی، مەسعود. (٢٠٢٠) *بۆ مێژوو*. چ ٣. هەولێر: دەزگای خێرخوازی بارزانی.

[٢] ئەلجەزیرە (٢٠١٧) *ئێران دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ هەرێم بەشێوەیەکی نافەرمی دادەخات* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.aljazeera.net/news/2017/10/16/%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%BA%D9%84%D9%82-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B9%D8%A7%D8%A8%D8%B1-%D9%85%D8%B9-%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86> [سەردان: 22-04-2025]

ئاسایشیشیان هەیە. بەڵام هەرێم ناکرێت تەنها پشت بە هەناردەکردنی ئەم دووانە ببەستێت، بەڵکو دەبێت ژێرخانێکی بەهێزی ئابووریان پێ دابمەزرێنێت بۆ ئایندە، چونکە هەڵکەوتەی جیۆسیاسی هەرێم وایە، کە داخراوە و سنووری ئاوی نییە، بۆیە لە هەر کاتێکدا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکات کە دەروازەکانی لێ دابخرێن. ئەوەتا کاتێك سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەسرور بارزانی، لە میانی وتارێکیدا لە کۆنفرانسی وزەی جیهانی کە لە 28ـی 3ـی 2022 لە دوبەی پایتەختی ئیمارات بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی کار دەکات بۆ ئەوە غاز هەناردەی تورکیا و ئەوروپا بکات (ئەلدەهان، 2022)[١]. ئەوا کاردانەوەی تووندی نەیارانی هەرێمی بەدوادا هات، بەتایبەت حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و ئێران. هەربۆیە بە بیانووی جیاواز لە مانگی ٥ـی ٢٠٢٢ ماڵی شێخ بازیشی بە شەش مووشەکی بالیستی خاپوورکرد، بەبیانووی ئەوەی بنکەی هەواڵگری مۆسادە. لەکاتێکدا ناوبراو خاوەنی گروپی کۆمپانیاکانی کارە و ئەرکی ڕاکێشانی بۆری غازی لە ئەستۆبوو. میلیشا لایەنگرەکانی ئێرانیش پاڵاوگەی کاریان بوردومان کرد (فڕانسیس، ٢٠٢٢)[٢]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەرچی هەناردەکردن گاز ئاسایشی وزەی هەرێم بەهێز دەکات، بەڵام بۆ ڕکابەرەکانی هەرێم جێگای مەترسییە.

هەروەها حکومەتی فیدڕاڵی عێراق لە ڕێگەی دادگای باڵای فیدڕاڵیەوە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی 2007ـی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند و یاساکەی هەڵوەشاندەوە (دادگای باڵای

---

[١] ئەلدەهان، ماها و ئەلکوسا، ڕیهام (٢٠٢٢) *سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان: هەرێم توانای دابینکردنی وزەی هەیە بۆ ئەوروپا* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.reuters.com/world/middle-east/iraqi-kurdistan-has-energy-capacity-help-europe-says-iraqi-kurdish-pm-2022-03-28/> [سەردان: 22-04-2025]

[٢] فڕانسیس، باسم (٢٠٢٢) *هێرشەکانی هەولێر... "پەیامێک" بۆ ئۆپۆزسیۆن یان بۆ گرتنی ڕێگای غاز؟* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.independentarabia.com/node/330351/سياسة/متابعات/هجمات-أربيل-رسالة-للمعارضة-أم-لقطع-الطريق-أمام-الغاز؟> [سەردان: 22-04-2025].

فیدڕاڵی، 2022)[1]. ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم. حکومەتی فیدڕاڵی بەوەش نەوەستا، لە دادگای ناوبژیوانی پاریس داواکەی بردەوە و یەکلاکردەوە، داواکە لە دژی تورکیا بەرزکرابووەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دژی هەرێم بوو. لە سەرئەنجامدا دادگای ناوبژیوانی پاریس بڕیاریدا کە تورکیا بڕگەکانی ڕێککەوتنامەی ١٩٧٣ بۆری عێراق و تورکیای پێشێل کردووە. لە دەرئەنجامدا تورکیا هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی ڕاگرت (ئەژیب، 2023)[2]. واتە حکومەتی عێراق و نەیارانی هەرێم بە ڕێگەگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە، بیرۆکەی هەناردەکردنی غازی هەرێمیان لەگۆڕنا. هەرێم بە ناچاری ڕێککەوتنی لەگەڵ بەغداد کرد و نەوتی ڕادەست کردەوە. بەڵام بەغداد نەك بودجە، بەڵکو تەنانەت ئامادە نییە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمیش بە تەواوی ڕەوانە بکات. ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی ئاسایشی ئابووری هەرێم. لەبەرئەوەی ئاسایشی ئابووری دراوی ئاسایشی سیاسی و سەربازییە، تا هەرێم بە لاوازی بمێنێتەوە و بیر لە سەربەخۆیی و بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری نەکاتەوە، کە بناغەی دروستبوون و مانەوەی هەر قەوارە و دەوڵەتێکە.

لەکۆتاییدا؛ ئاسایشی ئابووری بناغەی سەرجەم کایە جیاوازەکانی ئاسایشێکی بەهێزە، بەتایبەت ئاسایشی سەربازی و سیاسی. بەڵام لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە ئاسایشی ئابووری هەرێم لاوازە و پێویستی بە چاکسازی ڕاستەقینە و بنیاتنانی ژێرخانێکی پتەوە تا لە دۆخە دژوارەکاندا لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

### ٤. ٤ لە بواری کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی)ـەوە

یەکێك لە گرنگترین بوار و کایەکانی ئاسایش بریتییە لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی). هەرێمی کوردستان نەك تەنها لەسەر ئاستەکانی سەربازی، سیاسی و ئابووری دابەشبووە، بەڵکو لە

[1] دادگای باڵای فیدڕاڵی (٢٠٢٢) *دادگای باڵای فیدڕاڵی بڕیار دەدات بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.iraqfsc.iq/news.4805/>[سەردان: 22-04-2025]

[2] ئەژیب، عەلی (٢٠٢٣) *کاریگەرییەکانی بردنەوەی عێراق لە بڕیارنامەیەکی نێودەوڵەتی دژی تورکیا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان چین؟؟*

بواری کۆمەڵگەیی (شوناس و ناسنامەیی)ـیشدا بە قووڵی دابەشبووە. ئەگەرچی تا ٢٠٠٣ ململانێی کورد و ڕژێمی حوکمڕان لە عێراق لەسەر ناسنامە بوو، بەڵام دوای گۆڕانە ڕیشەییەکان لە عێراق و دەرچووی دەستووری هەمیشەیی لە ٢٠٠٥، تا ڕاددەیەك دان بەمافە یاساییە ناسنامەییەکانی گەلی کورد دانرا. بەڵام ڕاددە و ڕەگ و ڕیشەی دابەشبوون و قەیرانی ناسنامەیی کوردستانی لە ئاستی ناوخۆدا بەردەوام بوو. لە ئەنجامی دابەشبوونی هێز لە نێوان دوو هێزی نیچمە هاوسەنگدا لەڕووی قەبارەی هێزی چەکداری، هەواڵگری، جوگرافی .. هتد، کە ئەوانیش پارتی و یەکێتین، ئەوا ئەم دابەشبوون و ناکۆکییانەیان لەسەر کایە جیاوازەکان ڕەنگی داوەتەوە و ڕەگی داکوتاوە. یەکێك لەو کایانەی بەدەرنەبوو لە کاریگەری ئەم دابەشبوونە کایەی ناسنامەیی (کۆمەڵگەیی) بوو، کە کایە و بوارێکی گرنگی ئاسایشیە. لەبەرئەوەی هەروەك حەمە (٢٠٢١)[١] دەڵێت: ئاسایشی ناسنامە بەجۆرێك گرنگە کە شەڕ و ململانێکان بەڕێژەیەکی زۆر لەسەر بنەمای ناسنامە ئەنجام دراون و لە دوای جەنگی ساردەوە بەیەکدادانە چەکدارییەکان لە ئاستی ناوخۆی وڵاتاندا بوون، کە ڕەهەندی ناسنامەییان هەبووە. تەنانەت هەرێم دابەشبووە بۆ زۆنی زەرد و سەوز.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەرێمی کوردستان بەدەست نەبوونی شوناس و ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو یان قەیرانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی)ـیەوە دەناڵێنێت. ئەوەتا پارتی ناوی لە شۆڕشی تازەی دوای شۆڕشی ئەیلول ناوە (شۆڕشی گوڵان)، بەڵام یەکێتی پێی وایە ئەم شۆڕشە لە بنەڕەتدا یەکێتی هەڵیگیرساندووە و ناویشی لێناوە شۆڕشی نوێ. هەروەها، لایەنگرانی پارتی بە مەلایی و لایەنگرانی یەکێتی بە جەلالی ناویان دەرکردووە (سەعید[٢]٢٠٢١، و شوانی[١] ٢٠٢١). جاف (٢٠٢٢)[٢] دەڵێت:

---

[١]حەمە، هاورێ (٢٠٢١) *قوتابخانەی کۆپنهاگن و بوارەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rojpress.wordpress.com/2021/07/31/1-997/> [سەردان: 22-04-2025]

[٢]سەعید، نیاز (٢٠٢١) *هاوسەنگی هێز لە کوردستان پێویستە یان کارەساتە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە:

ئەم دابەشبوونە لە ئاستەکانی سیاسی، مێژوویی، ئایدۆلۆژی و جوگرافی دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی مەلا مستەففا بارزانی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، کە لە ١٩٦٤ سەریهەڵداوە. شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤ و ڕووداوی ١٦ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ جارێکی دیکە هەرێمی دابەشکردەوە بەسەر دوو ئاڕاستە و بەرەی جیاوازدا، تەنانەت دابەشبوونەکەی لە زەمینەی واقیعدا قوڵتر کردەوە. نابابەتیبوون و نەبوونی ناسنامەیەکی گشتگیری کوردستانی کە هەمووان کۆ بکاتەوە و پێناسیان بکات، ئاماژەیە بۆ نەبوونی ئاسایشی ناسنامەیی. ئەوەتا لە پرسی ١٦ـی ئۆکتۆبەردا بارزانی (٢٠٢٠)[٣] یەکێتی بە خیانەتکار وەسف کرد. بەڵام یەکێتی ئەم هەنگاو و سیاسەتەکانی کە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ و ڕادەست کردنی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی لێکەوتەوە، بە دەستکەوتێکی نیشتمانی لە قەڵەمدا (بی بی سی، ٢٠١٧)[٤]. کەواتە لەسەر

---

<https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=435&Jmare=9822> [سەردان: 22-04-2025]

[١] شوانی، ڕێبوار (٢٠٢١) *شۆڕشی گوڵان، بڵێسەی شۆڕشی تێکشکێنەری تێلسمی دوژمنان و دگیرکەرانی کوردستان* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://gulanmedia.com/so/story/260747/شۆڕشی-گوڵان،-بڵێسەی-شۆڕشی-تێکشکێنەری-تێلسمی-دوژمنان-ودگیرکەرانی-کوردستان> [سەردان: 22-04-2025].

[٢] جاف، نورس (٢٠٢٢) *یەکێتی نیشتمانپەروەری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان: سەردەمێکی نوێی ململانێ* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/alathad-alwtny-alkrdstany-walhzb-aldymqraty-alkrdstany-hqbt-jdydt-mn-alsra> [سەردان: 22-04-2025]

[٣] بارزانی، مەسعود. (٢٠٢٠) *بۆ مێژوو*. چ ٣. هەولێر: دەزگای خێرخوازی بارزانی.

[٤] کۆمپانیای پەخشی بەریتانی (بی بی سی) (٢٠١٧) *کورەکەی تاڵەبانی وردەکارییەکانی دوایین کاتژمێرەکانی پێش چوونە ناو شاری کەرکووک بۆ بی بی سی دەگێڕێتەوە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.bbc.com/arabic/media-41754294> [سەردان: 22-04-2025]

چەمكێكی وەك خیانەتیش كۆدەنگی نییە لە نێو ماڵی كوردستانیدا. هەرێم لە بۆشایی هەبوونی ئاسایشی كۆمەڵگەیی (ناسنامەیی)ـیدایە. بە جۆرێك كە ئەوانەی پارتی بن بە لایەنگری توركیا و ئەوانەش كە یەكێتین بە لایەنگری ئێران و بەرەی بەرەنگاری (مقاوەمە) وەسف دەكرێن (عەلی، ٢٠١٧)[١]. عەبدولخاڵق[٢](٢٠٢٣) دەڵێت: بە لەناوچوون و نەمانی ناسنامە (شوناس) میللەت لەناودەچێت. بەڵام قەیرانی ناسنامەی كوردی ئەوەندە قوڵ نییە كە چارەسەر نەكرێت. بەڵام لە زەمینەی واقیعدا وانییە، چونكە قەیرانی ناسنامەیی كوردی كاتێك چارەسەركردنی ئاسان دەبێت، كە ناسنامەی حیزبی لەسەر حیسابی ناسنامەی نەتەوەیی، پێگەی حیزب لەسەرووی پێگەی قەوارەوە نەبێت. كاتێك دەتوانین بڵێین ئاسایشی ناسنامەیی هەرێم دەستەبەرە، كە جەلالی و مەلایی، زۆنی سەوز و زەرد، هێزەكانی حەفتا و هەشتا، باڵادەستی و هەژموونی پارتی و یەكێتی ئەگەر نەشمێنن، بەڵام كاڵ بكرێنەوە و هەموو كەرستە و ئامراز و دامەزراوەكان بەنیشتمانی و بەدامەزراوەیی بكرێن و بخرێنە خزمەت یەكخستنی هەرێمی كوردستان، لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەكان، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاستی ناسنامەیی.

كەواتە هەرێمی كوردستان، لە پاڵ ئاسایشی سەربازی، سیاسی، ئابووری، ئەوا بەدەست نەبوونی ئاسایشی ناسنامەییەوە دەناڵێنێت، كە هەڕەشە لە ئایندەی ئاسایشی قەوارەی هەرێم دەكات، چونكە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی هەرێم ناسنامەكە پێناسە دەكەن و مانای پێدەبەخشن، نەوەك دامەزراوە فەرمییە شەرعییەكانی هەرێم.

### ٤. ٥ لە بواری ژینگەییەوە

[١]عەلی، عوسمان (٢٠١٧) *ئێران و بارزانی: خراپتربوونی پەیوەندییەكان و مەترسیی پێكدادانێكی حەتمی؟* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ttb-nfwdh-alqwt-alnamt-alayranyt-fy-aqlym-krdstan-alraq> [سەردان: 2025-04-22].

[٢]عەبدولخاڵق، مەسعود (٢٠٢٣) *ناسنامە و قەیرانی عەقڵی كوردی* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.xalkurd.org/details.aspx?kodtech=267> [سەردان: 2025-04-22].

ژینگە یەکێکە لە کایە نوێیەکانی ئاسایش و قەبارەیەکی گەورەی گرتووە لە ناو چەمکە فراوانەکەی ئاسایشدا. ژینگە چ ئامراز بێت بۆ بەردەوامی و پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی، وەك لایەنگرانی تیۆری سەوزی کاڵ بۆی دەچن یان خۆی لە خۆیدا ئامانجی باڵا و سەنتەر بێت، هەروەك لایەنگرانی تیۆری سەوزی تۆخ بۆچوونیان وایە. ئەوا لە هەردوو حاڵەتەکەدا لێکەوتەی لەسەر ئاسایشی تاك، کۆمەڵگە و دەوڵەت هەیە و دەبێت. هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەبار، ژێرخانێکی سروشتی، هەڵکەوتەیەکی جوگرافی دەوڵەمەندی هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش پارێزراو نەبووە لە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا، قەتیسبوونی گەرما و گەرمبوونی گۆی زەوی، چونکە گۆڕانکارییە ژینگەییەکان سنوورەکان ناناسن و شوێنەوار و لێکەوتەکانی لە چوارچێوەی شوێن و دەوڵەتێکدا قەتیس نابن و پەلدەهاوێژن بۆ شوێنە جیاوازەکانی دیکە. ئەوا پێش لێگرتنیان ئاسان نییە و ڕەهەندێکی هەرێمی و جیهانی وەردەگرن.

عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە کاریگەرییەکی زۆری گۆڕانی ئاو و هەوای لەسەر هەبووە. ئاماری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەوبارەوە، دڵخۆشکەر نین. بە گوێرەی داتایەکی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، عێراق پێنجەم لاوازترین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ئاسایشی ژینگەییەوە و زۆرترین کاریگەری نەرێنی لەسەر هەبووە بەهۆی گۆڕانەکانی ئاوهەوا. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ پلەکانی گەرما لەم وڵاتە تا ٢% گەرمتر ببێ و ئاستی بارانبارینیش بە ڕێژەی ٩% کەم ببێتەوە. ئاماژەکانی هەڕەشەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا بە ڕوونی دەرکەوتوون لەسەر عێراق، ئەوەتا نزیکەی ٩٠%ی هۆرەکانی عێراق بەرەو وشک بوون ڕۆیشتوون. ژمارەی دارخورماکان لە ٣٣ ملیۆنەوە بۆ ٩ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٢١ کەم بوونەتەوە. پڕی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان کردووە؛ بە جۆرێک کە تا ساڵی ٢٠٣٠ پڕی ئاوی ئەو ڕووبارانە بەراورد بە ساڵەکانی ١٩٨٠ بە ڕێژەی ٥٠% کەم دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ٩٨%ی ئاوی خواردنەوە و خاوێنی و ئاودێریی لەم ڕووبارانەوە دێت. هاوکات، ٢٥%ی خێزانە عێراقییەکان پشت بە

کشتوکاڵ دەبەستن (سی ئای ڤی ئای سی، 2022)[١]. بەهەمان شێوە سەبارەت بەپیسبوونی هەوای عێراقەوە، ئەوا بەنانی (٢٠٢٣)[٢] دەڵێت: بەپێی ڕاپۆرتێکی کەناڵی بی بی سی، بۆ ساڵی ٢٠٢٣ عێراق لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی دووەمدا دێت لە ڕووی پیسبوونی هەواوە. بەجۆرێك ئەو گازەی کە عێراق ساڵانە لە ڕێی کارگەکانیەوە بەرهەمی دەهێنێت، کە پێی دەوترێت ئاوێتەی بێنزۆپێرین، ١٠ جار لە پری ئاسایی خۆی زیاترە. دەشێت کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ دابینکردنی وزە بۆ ٢٠ ملیۆن خێزان. بەڵام لە پری کەڵك لێوەرگرتن ئەوا ئەم گازەی بەفیڕۆ دەدرێت بەجۆرێك کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و تووشبوون بە شێرپەنجە.
کەرتی کارەبا و گواستنەوە بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دەردانی گازی دوان ئۆکسیدی کاربۆن دادەنرێن. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٢١ عێراق ڕێژەی دەردانی گازی دووان ئۆکسیدی کاربۆنی بەڕێژەی ٣٧١% بەهۆی کەرتی کارەبا و ٣٤% بەهۆی کەرتی

---

[١]سەنتەری لێکۆڵینەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی لەکاتی ناکۆکییەکاندا (سی ئای ڤی ئای سی) (٢٠٢٢) *"ئەگەر بڕۆم... ناتوانم هەناسە بدەم": گۆڕانی کەشوهەوا و پاراستنی مەدەنی لە عێراق* [ئۆنڵاین]. بەردەستە لە: <https://civiliansinconflict.org/wp-content/uploads/2022/07/CIVIC_Iraq_ClimateChange_ProtectionofCivilians.pdf> [سەردان: 22-04-2025]

[٢]بەنانی، هۆشیار. (٢٠٢٣) *عێراق لە ڕیزبەندی دووەم وڵاتی جیهان لە پیسبوونی ژینگە* [ئۆنڵاین]. بەردەستە لە: <https://www.kurdistan24.net/ckb/story/247653-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D8%B1%DB%8C%D8%B2%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%DB%8C%DB%8C-%D8%AF%D9%88%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D9%85-%D9%88%DA%B5%D8%A7%D8%AA%DB%8C-%D8%AC%DB%8C%D9%87%D8%A7%D9%86%D9%87%E2%80%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D9%BE%DB%8C%D8%B3%D8%A8%D9%88%D9%88%D9%86%DB%8C-%DA%98%DB%8C%D9%86%DA%AF%D9%87%E2%80%8C> [سەردان: 22-04-2025]

گواستنەوەوە زیاد کردووە. نیشانە و لێکەوتەکانی پیسبوونی ئاو و هەوا لە کوردستان و عێراق ساڵ دوای ساڵ لە زیادبووندایە. ئەوەتا لە هەرێمی کودستان ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ دوو هێندە زیاد بووە (بابان، ٢٠٢٣)[١]. هەروەها بەپێی ئاماری ئای کیو ئەیری نێودەوڵەتی تایبەت بە پیسبوونی هەوا، ئەوا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ هەولێر لەسەر ئاستی عێراق بەرزترین پلەی پیسبوونی هەوای هەیە، ڕێژەی پیسبوونی هەوا لە هەولێر دوو ئەوەندەی شاری بەغدایە (بەغدادیلیەوم، ٢٠٢٣)[٢]. هەروەها لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی گرین پیسی ئەوروپی لەسەر هەوای عێراق پیسبوونی هەوای هەولێری دەرخستووە و سەلماندوویەتی کە هەوای شاری هەولێر لە پیسترینەکانە، چونکە لە هەوای بەشێك لە گەڕەکەکانی شارەکە، غازی کوشندەی وەك: سی ئۆ، ئێن ئۆکس و.. هتد. بە ڕێژەیەك هەن، کە کاریگەریان لەسەر جینات و وەچە و تەندروستیی مرۆڤ دەبێت و بە هێواشی ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە بەرز دەکەنەوە (هەولێر، ٢٠٢٢)[٣].

هەموو ئەم ئاماژە و ئامارانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەژێر کاریگەری چڕی پیسبوون و گۆڕانەکانی ئاو و هەوادان. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێن کە ئایندەی

---

[١] بابان، مەحمود (٢٠٢٣) گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق: دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و کواڵیتی هەوا [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rudawrc.net/ar/pdf/article/txyr-almnax-fy-aqlym-kwrdstan-walraq-anbathat-thany-auksyd-alkrbun-wcwd-alhwaaa-2023-09-25> [سەردان: 22-04-2025]

[٢] بەغدادیلیەوم (٢٠٢٣) *لە ڕووی پیسبوونی هەواوە عێراق لە پلەی نۆیەم دێت و هەولێریش بەرزترین ڕێژەی هەیە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://baghdadtoday.news/210478-العراق-تاسعاً-على-العالم-بالتلوث-الجوي.-وأربيل-الأعلى-نسبة.html#:~:text=ولفت%٢٠المؤشر%٢٠الى%٢٠أن%٢٠"مدينة,في%٢٠كردستان%٢٠بمضاعفة%٢٠نسبة%٢٠التلوث"> [سەردان: 22-04-2025]

[٣] هەولێر (٢٠٢٢) *زۆریی ڕێژەی ئۆتۆمبێل هۆکارن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://hawlerweb.net/kurdistan/2022/04/18267/> [سەردان: 22-04-2025]

ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەدا، پێویستی بە کارنامەیەکی ستراتیژی دوورمەودا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی. بەتایبەت کە دەبینین هەولێر وەك پایتەختی هەرێم لە پێشەنگی شارەکانی عێراقدایە لە ڕووی کاریگەربوون بە گۆڕانەکانی ئاو و هەواوە.

**٥. کۆتایی**

لەم توێژینەوەیەدا تاوتوێی ئایندەی هەرێمی کوردستانمان، لە دیدگایەکی ئاسایشیانەوە، کرد. هەرێمی کوردستان؛ ئەکتەرێکی نادەوڵەتی گرنگە لە عێراق و ناوچەکە، ئامادەییەکی بەهێز و بایەخێکی ئاسایشی ستراتیژیی گەورەی هەیە لە هاوکێشە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا. ڕووانگەی ئاسایشیی قوتابخانەی کۆپنهاگن و باری بوزان بەتایبەتی تا ئاستێکی زۆر باش لەسەری جێبەجێ دەبێت. هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دیفاکتۆ لە 1992ـەوە دروست بوو، دوای گۆڕانە ڕیشەییەکانی 2003 لە عێراق و دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی هەرێم چوارچێوەیەکی دەستووری وەرگرت. بەڵام هەموو ئەم گۆڕانانە نەیانتوانی هەرێم بۆ هەرێمێکی یەکگرتوو بگۆڕن و لەژێر هەژموونی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی دەربهێنن. هەرێمی کوردستان بە تەواوی بەسەر دوو ئێدارە، زۆن، ناوەندی بڕیاری سیاسی، ئاڕاستەی سیاسیەتی دەرەکی و ناوخۆیی دابەشبووە. دەتوانین تا ڕاددەیەك بڵێین هەرێم لە سیستەمێکی پاشاگەردانی (ئەنارکی)ـدا گوزەر دەکات، بەوەی هیچ دەسەڵاتێکی باڵای تێدا نییە کە بتوانێت دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە پابەند بکات بە ستراتیژیەتی نیشتمانیەوە. ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازی، سیاسی، ئابووری، ناسنامەیی و ژینگەییەوە هەڕەشەیەکی وجودی لەسەرە، چونکە هەموو شیان و سەرچاوەکانی هەرێم خراونەتە خزمەت بەهێز مانەوەی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە (پارتی و یەکێتی). لەمیانەی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت ئایندەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی هەر پێنج کایە و بوارەکانی جیاوازەکانی ئاسایشیدا بەهیچ شێوەیەك مسۆگەر نییە و داهاتوویەکی ناڕوون چاوەڕێی دەکات. هەرێم زیاتر وەك دوو ئیدارە نەوەك قەوارەیەکی یەکگرتوو مامەڵە لەگەڵ پرس و پێشهاتەکاندا دەکات. ڕاسپاردەی توێژینەوەکەمان ئەوەیە کە کار بکرێت بۆ

قوربانیدان بە بەرژەوەندییە حیزبییەکان لەپێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، هەموو هێزەکان یەکبخرێن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نەوەك بە ڕووکەش لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمدا، کارنامەی نیشتمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە گرنگ و ستراتیژییە نیشتمانییەکان دابنرێت، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باش بۆ هەرێمی کوردستان.

**سەرچاوەکان:**


* قورئانی پیرۆز.

بابان، مەحمود (٢٠٢٣) گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق: دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و کواڵیتی هەوا [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rudawrc.net/ar/pdf/article/txyr-almnax-fy-aqlym-kwrdstan-walraq-anbathat-thany-auksyd-alkrbun-wcwd-alhwaaa-2023-09-25> [ سەردان: 22-04-2025]

بارزانی، مەسعود(٢٠١٤) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەلعەرەبییە [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=5TptEqFx3jU> [سەردان: 22-04-2025]

بارزانی، مەسعود (٢٠١٥) *چاوپێکەوتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی حەیات* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://presidency.gov.krd/krp/arabic/articledisplay.aspx?id=ohMDlctx+n8=> [سەردان: 22-04-2025]

بارزانی، مەسعود. (٢٠٢٠) *بۆ مێژوو*. چ ٣. هەولێر: دەزگای خێرخوازی بارزانی.

برایار، فیلیب و جەلیلی، محەممەد (٢٠٠٩) *پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان*. چ ١. بەیروت: داری هیلال.

بەغدادیلیەوم (٢٠٢٣) *لە ڕووی پیسبوونی هەواوە عێراق لە پلەی نۆیەم و هەولێریش بەرزترین ڕێژەی هەیە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://baghdadtoday.news/210478--العراق-تاسعاً-على-العالم-بالتلوث-الجوي.-وأربيل-الأعلى-نسبة.html#:~:text=ولفت%٢٠المؤشر%٢٠الى%٢٠أن%٢٠"مدينة,في%٢٠كردستان%٢٠بمضاعفة%٢٠نسبة%٢٠التلوث"> [سەردان: 22-04-2025]

بەنانی، هۆشیار. (٢٠٢٣) *عێراق لە ڕیزبەندی دووەم وڵاتی جیهان لە پیسبوونی ژینگە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.kurdistan24.net/ckb/story/247653-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D8%B1%DB%8C%D8%B2%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%DB%8C%DB%8C-%D8%AF%D9%88%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D9%85-%D9%88%DA%B5%D8%A7%D8%AA%DB%8C-%D8%AC%DB%8C%D9%87%D8%A7%D9%86%D9%87%E2%80%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D9%BE%DB%8C%D8%B3%D8%A8%D9%88%D9%88%D9%86%DB%8C-%DA%98%DB%8C%D9%86%DA%AF%D9%87%E2%80%8C> [سەردان: 22-04-2025]

(٢٠١٧) *کورەکەی تاڵەبانی* بی بی سی(کۆمپانیای پەخشی بەریتانی) *وردەکارییەکانی دوایین کاتژمێرەکانی پێش چوونە ناو شاری کەرکووک بۆ دەگێڕێتەوە* [ئۆنلاین]بی بی سی. بەردەستە لە: <https://www.bbc.com/arabic/media-41754294> [سەردان: 22-04-2025]

پەرلەمانی کوردستان - عێراق (٢٠٢٤) *یەکێتی نیشتمانی لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕی بودجە دەباتەوە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.parliament.krd/about-parliament/history-of-parliament/> [سەردان: 22-04-2025]

پی یو کەی میدیا (٢٠١٩) *یاوەر ژمارەی قوربانیانی شەڕی دژی داعش ئاشکرا دەکات* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.pukmedia.com/AR/details/?Jimare=124537> [سەردان: ١ـی ٤ـی ٢٠٢٤].

جاف، نورس (٢٠٢٢) *یەکێتی نیشتمانپەروەری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان: سەردەمێکی نوێی ململانێ* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/alathad-alwtny-alkrdstany-walhzb-aldymqraty-alkrdstany-hqbt-jdydt-mn-alsra> [سەردان: 22-04-2025]

چۆمانی، کەمال (٢٠٢٢) *پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراق* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە:

>https://journalskuwait.org/kjs/index.php/KJS/article/view/8906 <
سەردان]: 22-04-2025[ ].

حەمە، هاوڕێ (٢٠٢١) *قوتابخانەی کۆپنهاگن و بوارەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش*[ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://rojpress.wordpress.com/2021/07/31/1-997/> [سەردان: 22-04-2025]

حوسێن، شەماڵ (٢٠١٧) *سیاسەتی دەرەکی*. چ ١. هەولێر: تەفسیر.

خەندان (٢٠٢٢) *باڤڵ جەلال تاڵەبانی: دەبێت بەسەر لاشەی مندا بۆری غاز هەناردەی دەرەوە بکرێت*[ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.xendan.org/detailnews?jimare=149335&babet=1&relat=1024> [سەردان: 22-04-2025]

دادگای باڵای فیدڕاڵی (٢٠٢٢) *دادگای باڵای فیدڕاڵی بڕیار دەدات بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی*[ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.iraqfsc.iq/news.4805/> [سەردان: 22-04-2025]

درەومێدیا (٢٠٢٣) *یەکێتی نیشتمانی لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕی بودجە دەباتەوە* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id=13089> [سەردان: 22-04-2025]

دەستووری عێراقی (٢٠٢٣) *هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ دەخرێنەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و موچەکانیشیان دەکرێتە ئەلیکترۆنی*[پی دی ئێف]. بەردەستە لە: <https://investpromo.gov.iq/wp-content/uploads/2013/06/iraqi-constitution-En.pdf> [سەردان: 22-04-2025]

ڕابح، زاوی. (٢٠١٩) *ڕێکخستنە ئەمنییەکان لە حەوزی دەریای ناوەڕاست و کاردانەوەکانیان لەسەر وڵاتانی مەغریب ٢٠٠٧-٢٠٢٠*. نامەی ماستەر ٢٠١٨ – ٢٠١٩، زانکۆی موحەممەد خزوەیر: سەکرە.

ڕەئوف، محەممەد. و ڕەفعەت، فازڵ. (٢٠٢٠) *١٦ی ئۆکتۆبەر: لە سەربەخۆییەوە بەرەو لەناوچوون*[ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://drawmedia.net/en/page_detail?smart-id=6847> [سەردان: 22-04-2025]

زانکۆی کامبیریج (٢٠٢٤) *مانەوە بۆ بەهێزترینە*[ئۆنلاین]. بەردەستە لە: <https://www.darwinproject.ac.uk/commentary/survival-fittest> [سەردان: 22-04-2025]

سکێلتۆن، ماك و سەلیم، زمان (٢٠١٩) ناکۆکی سنوورە ناوخۆییەکانی عێراق دوای داعش[پی دی ئێف]. بەردەستە لە:

>file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/Second%20semester/1.%20Shoker;%20Contemporary%20National%20Security/Homework/Iraq_s_disputed_internal_boundaries_afte.pdf< [سەردان: 22-04-2025]

سەعید، نیاز (٢٠٢١) *هاوسەنگی هێز لە کوردستان پێویستە یان کارەساتە*. [ئۆنلاین] لە: بەردەستە >https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=435&Jmare=9822< [سەردان: 22-04-2025]

سۆسنۆوسکی، پیۆتر (٢٠٢١) *ئابووری تاکسەرچاوەیی هەرێمی کوردستان لە عێراق وەک سەرچاوەی بەربەست لەبەردەم چاکسازیی کەرتی ئاسایشی هەرێم* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: >https://securityanddefence.pl/pdf-105429-36190?filename=Rentier%20economy%20of%20the.pdf< [سەردان: 22-04-2025]

سەنتەری لێکۆڵینەوەی هاولاتیانی مەدەنی لەکاتی ناکۆکییەکاندا (سی ئای ڤی ئای سی) (٢٠٢٢) *"ئەگەر بڕۆم... ناتوانم هەناسە بدەم": گۆڕانی کەشوهەوا و پاراستنی مەدەنی لە عێراق*. [ئۆنلاین] لە: بەردەستە >https://civiliansinconflict.org/wp-content/uploads/2022/07/CIVIC_Iraq_ClimateChange_ProtectionofCivilians.pdf< [سەردان: 22-04-2025]

شەرقلئەوسەت (٢٠١٧) *بەرپرسێکی کورد، فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی لە کەرکوك لەلایەن سولەیمانیەوە دەرچووە*. [ئۆنلاین] لە: بەردەستە >https://aawsat.com/home/article/1054791/%D9%85%D8%B3%D8%A4%D9%88%D9%84-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%8A-%D8%A3%D9%88%D8%A7%D9%85%D8%B1-%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AD%D8%A7%D8%A8-%D8%A8%D9%8A%D8%B4%D9%85%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA%D8%AD%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B7%D9%86%D9%8A-%D9%85%D9%86-%D9%83%D8%B1%D9%83%D9%88%D9%83-%D8%B5%D8%AF%D8%B1%D8%AA-%D9%85%D9%86-

%D8%B3%D9%84%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%8A
[سەردان :< 22-04-2025]

شوانی، ڕێبوار (٢٠٢١) *شۆڕشی گوڵان، بڵێسەی شۆڕشی تێکشکێنەری تێلسمی دوژمنان و دگیرکەرانی کوردستان*. بەردەستە لە: [ئۆنڵاین]< https://gulanmedia.com/so/story/260747/شۆڕشی-گوڵان،-بڵێسەی-شۆڕشی-تێکشکێنەری-تێلسمی-دوژمنان-ودگیرکەرانی-کوردستان >
[سەردان: 22-04-2025.]

عەبدولخالق، مەسعود (٢٠٢٣) *ناسنامە و قەیرانی عەقڵی کوردی*. بەردەستە لە: [ئۆنڵاین] <https://www.xalkurd.org/details.aspx?kodtech=267 >: [سەردان 22-04-2025.]

عەزیز، سەردار و کۆتی، ئەندرێ (٢٠٢١) *پێشمەرگەی کوردستانی عێراق: چاکسازی سەربازی و بونیادنانی نەتەوە لە سایەی سیاسەتێکی دابەشبوودا*. بەردەستە لە: [پی دی ئێف] <file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/Second%20semester/1.%20Shoker;%20Contemporary%20National%20Security/Article/The%20Iraqi%20Kurdish%20Peshmerga%20%20military%20reform%20and%20nation-building%20in%20a%20divided%20polity.pdf >: [سەردان 22-04-2025.]

عەلی، هادی (٢٠٠٨) گەلی کورد و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستەم: کوردستانی عێراق بە نموونە. چ ١. سولەیمانی: خانەی ڕۆشنبیر.

عەلی، عوسمان (٢٠١٧) *ئێران و بارزانی: خراپتربوونی پەیوەندییەکان و مەترسیی پێکدادانێکی حەتمی؟*. بەردەستە لە: [ئۆنڵاین] <https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ttb-nfwdh-alqwt-alnamt-alayranyt-fy-aqlym-krdstan-alraq >: [سەردان 22-04-2025.]

فرانسیس، باسم (٢٠٢٢) *هێرشەکانی هەولێر... "پەیامێک" بۆ ئۆپۆزسیۆن یان بۆ گرتنی ڕێگای غاز؟*. بەردەستە لە: [ئۆنڵاین] <https://www.independentarabia.com/node/330351/سياسة/متابعات/هجمات-أربيل-رسالة-للمعارضة-أم-لقطع-الطريق-أمام-الغاز؟ [سەردان :< 22-04-2025.]

کاگاپتای، سۆنەر (٢٠٠٨) *ئایندەی کوردانی عێراق*. [پی دی ئێف] بەردەستە لە: <file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20de

gree/First%20semester/2.%20Regional%20Relations%20of%20Kurdistan%20Region%20-%20Iraq/The%20Future%20of%20the%20Iraqi%20Kurds.pdf
[سەردان: > 22-04-2025]

موحەممەد، جەمال (٢٠١٩) *ئەو تەحەددایانەی کە ڕێگری لە باشترکردنی سەلامەتی هاتوچۆ دەکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: >file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Downloads/ThechallengesimpedingtrafficsafetyimprovementsintheKurdistanRegionofIraq..pdf [سەردان: > 22-04-2025.]

مێرشایمێر، جۆن. (٢٠١٣) *ڕیالیزمی نوێ*. لە: تیم، د.، کورکی، م. و سمیس، س. *تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. پسپۆری و جۆرێتییەکان*. چ ٣: ئۆکسفۆرد: زانکۆی ئۆکسفۆرد.

هەولێر (٢٠٢٢) *زۆریی ڕێژەی ئۆتۆمبێل هۆکارن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: >https://hawlerweb.net/kurdistan/2022/04/18267/ [سەردان: > 22-04-2025]

ووشە (٢٠٢٢) *یەکخستەوەی یەکەی ٨٠ و ٧٠ هەنگاوێکی تر یەکخستەوەی یەکەی ٨٠ و ٧٠ هەنگاوێکی تر چووە پێشەوەچووە پێشەوە* [ئۆنلاین]. بەردەستە لە: >https://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=136340&Jor=14 [سەردان: > 22-04-2025]

ویلیامز، پاوڵ (٢٠٠٨) *دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان*. لە: ویلیامز، پاوڵ: دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان. چ ١، لەندەن: ڕۆتلج.

ئەبابەکر، یاسین (٢٠٢٠) *هەرێمی کوردستان: لە پاڕادیپلۆماسییەوە بۆ پڕۆتۆدیپلۆماسی* [پی دی ئێف]. بەردەستە لە: >file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Desktop/Master%20degree/First%20semester/2.%20Regional%20Relations%20of%20Kurdistan%20Region%20-%20Iraq/from%20para%20diplomacy%20to%20proto%20diplomacy%20of%20KRG.pdf [سەردان: > 22-04-2025.]

ئەژیب، عەلی (٢٠٢٣) *کاریگەرییەکانی بردنەوەی عێراق لە پریارنامەیەکی نێودەوڵەتی دژی تورکیا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان* [ئۆنلاین]؟چین؟. بەردەستە لە: >https://www.aljazeera.net/ebusiness/2023/3/27/%D9%85%D8%

A7-%D8%AA%D8%A3%D8%AB%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D9%83%D8%B3%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%84%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B1-%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A-%D8%B6%D8%AF >
[سەردان: 22-04-2025.]

ئەلجەزیرە (٢٠١٧) *ئێران دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ هەرێم بەشێوەیەکی نافەرمی دادەخات*. [ئۆنلاین] بەردەستە لە:
>https://www.aljazeera.net/news/2017/10/16/%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%BA%D9%84%D9%82-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B9%D8%A7%D8%A8%D8%B1-%D9%85%D8%B9-%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86 < [سەردان : 22-04-2025]

ئەلدەهان، ماها و ئەلکوسا، ڕیهام (٢٠٢٢) *سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان: هەرێم توانای دابینکردنی وزەی هەیە بۆ ئەورووپا*. [ئۆنلاین] بەردەستە لە: > https://www.reuters.com/world/middle-east/iraqi-kurdistan-has-energy-capacity-help-europe-says-iraqi-kurdish-pm-2022-03-28/< [سەردان: 22-04-2025]